

SDH

# "من داوای مافی پەنابەریم لە یەکێتی ئەوروپا کردووە - کام وڵات داواکارییەکەم تاوتوێ دەکات؟"

ئا

زانیاری لەسەر پێڕەوی دبلن بۆ داواکارانی پاراستنی نێودەوڵەتی
(مادەی ٤ی پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٢٠١٣/٦٠٤)

تۆ داوای پاراستنت کردووە چونکە پێت وایە بەهۆی چەوساندنەوە، شەڕ یان مەترسیی زیانێکی گەورەوە ناچار بوویتە وڵاتی خۆت بەجێبهێڵیت. لە یاساکەدا ئەمە پێی دەوترێت 'داواکردنی پاراستنی نێودەوڵەتی' و بە تۆش دەوترێت 'داواکار'. ئەو کەسانەی کە داوای پاراستن دەکەن زۆرجار پێیانیش دەوترێت 'داواکاری پەنابەری'.

**تەنانەت ئەگەر تۆ داوای پەنابەریت لەم وڵاتە کردبێت، لەوانەیە لێرەدا داواکارییەکەت تاوتوێ نەکرێت. ئەوەی کە لە کام وڵاتدا داواکارییەکەت تاوتوێ دەکرێت، لەسەر ئەو بنەمایە دیاری دەکرێت کە پێی دەوترێت ڕێکار بەگوێرەی پێڕەوەی دبلن کە لە یاسای یەکێتیی ئەوروپادا دانراوە. بەپێی ئەوەش تەنها یەک وڵات بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت.**

ئەم یاسایە لە ناوچەیەکدا کاری پێ دەکرێت کە ٣١ وڵات لەخۆدەگرێت. لەم بڵاوکراوەیەدا ئەو وڵاتانە بە "وڵاتانی دبلن" ناودەبرێن.


**ئەگەر لە شتێک تێنەگەیت کە لەم بڵاوکراوەیەدا باس کراوە، داوا لە کاربەدەستان بکە ڕوونکردنەوەی بۆ بکەن.**

داوای پەنابەرییەکەت ناتوانرێت تاوتوێ بکرێت هەتا ڕوون نەکرێتەوە کە ئایا دەبێت لەم وڵاتەدا یان لە وڵاتێکی تردا بکرێت. ئەمەش پێی دەوترێت "ڕێکاری دبلن". لە ڕێکاری دبلندا لێکۆڵینەوە لەوە ناکرێت کە بۆچی داوای مافی پەنابەری دەکەیت. بەڵکو تەنها ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە کام وڵات بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەکەت.

**ئەم بڵاوکراوەیە تەنها بۆ مەبەستی زانیاریدان ئامادەکراوە. تیایدا زانیاریی گرنگ سەبارەت بە ڕێکارەکانی دبلن بۆ ئەو کەسانە باس دەکرێت کە داوای پاراستنی نێودەوڵەتی دەکەن. بەم بڵاوکراوەیە هیچ مافێک یان پابەندبوونێکی یاسایی بەکارناهێنرێت یان پشتڕاست ناکرێتەوە. ماف و ئەرکەکانی دەوڵەتەکان و کەسەکان لەسەر بنەمای ڕێکاری دبلن لە پێڕەوی (یەکێتی ئەوروپا) ژمارە ٢٠١٣/٦٠٤ پشتڕاستکراوەتەوە.**

**©یەکێتی ئەوروپا، ٢٠١٤**
**کۆپیکردنی نووسراوەکە ڕێگەپێدراوە. بۆ بەکارهێنان یان کۆپیکردنەوەی وێنە تاکەکان دەبێت ڕاستەوخۆ لە خاوەنی مافی چاپ وبڵاوکردنەوە داوای مۆڵەت بکرێت.**






وڵاتانی دبلن هەر ٢٧ وڵاتی ئەندامی یەکێتی ئەوروپان (هۆڵەندا، بەلجیکا، بولگاریا، ئیسپانیا، ئێرلەندا، ئیتاڵیا، نەمسا، لاتڤیا، لیتوانیا، لۆکسمبۆرگ، یۆنان، کرواتیا، قوبرس، ماڵتا، پورتوگال، پۆڵەندا، فەرەنسا، ڕۆمانیا، سوید، ئەڵمانیا، سلۆڤاکیا، سلۆڤینیا، فینلەندا، دانیمارک، کۆماری چیک، هەنگاریا، ئیستۆنیا، هەروەها چوار وڵاتی "هاوکار" لەگەڵ سیستەمی دبلن (نەرویج، ئایسلەندا، سویسرا و لیختنشتاین).


©European Union

## — چەند کات دەخایەنێت تا بزانم کام وڵات داواکارییەکەم تاوتوێ دەکات؟

## — تاوتوێکردنی داواکەم چەندێک کات دەخایەنێت ؟

ئەگەر کاربەدەستان بڕیار بدەن کە داوای پەنابەرییەکەت لەم وڵاتەدا تاوتوێ بکرێت، ئەوا ڕێگەت پێدەدرێت لەم وڵاتەدا بمێنیتەوە و داواکارییەکەت لێرە تاوتوێ دەکرێت. دوابەدوای ئەمە یەکسەر دەست دەکرێت بە تاوتوێکردنی داواکەت.

ئەگەر کاربەدەستان بڕیار بدەن کە دەبێت داواکارییەکەت لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت، ئەو کاتە هەوڵ دەدرێت بە ئەوەندی بکرێت بە زووترین کات ڕەوانەی ئەو وڵاتەی تر بکرێتیەوە بۆ ئەوەی داواکەت لەوێ تاوتوێ بکرێت. لەم ڕێکاری دبلنەدا **بە شێوەیەکی ئاسایی دەکرێت تا ١١ مانگ** بخایەنێت پێش ئەوەی بگوێزرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی دیکە. دوای ئەوە داواکەت لەو وڵاتەی دیکەدا تاوتوێ دەکرێت. ماوەی ڕێکارەکە دەکرێت بگۆڕێت ئەگەر لە دەستی کاربەدەستان هەڵبێیت یان زیندانی بکرێیت یان ببرێیت بۆ کەمپی دەستبەسەری یان ئەگەر تانە لە بڕیاری گواستنەوەکە بدەیت. لەو حاڵەتانەدا زانیاری وردترت پێ دەدریت سەبارەت بەوەی کە بۆ تۆ ڕێکارەکە چەند کات دەخایەنێت. ئەگەر ببرێیت بۆ کەمپی دەستبەسەری، هۆی ئەو کارە و هەرچی ڕێکارێکی پاراستنی یاسایی هەیە کە بتوانیت بەکاریان بهێنیت پێت دەووترێت.

## — چۆن بڕیار لەوە دەدرێت کە کام وڵات داواکارییەکەم تاوتوێ دەکات؟




©iStockphoto / Joe Gough

لە یاساکەدا چەندین هۆی جیاواز دیاری کراوە کە لەسەر بنەمای ئەوانە وڵاتێکی دیاریکراو بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت. ئەو هۆیانەش بە پێی زنجیرەی گرینگیی خۆیان کە یاسا دیاریی کردووە پشکنینیان بۆ دەکرێت. یەکەمین پرسیار کە لێت دەکرێت ئەوەیە کە ئایا لە هیچ وڵاتێکی دیکەی دبلن ئەندامی خێزانت هەیە؟ ئینجا ئەوە روون دەکرێتەوە کە ئایا ئێستا یان لە ڕابردوودا ڤیزە یان مۆڵەتی مانەوەت لە وڵاتێکی دبلن پێدراوە. دوای ئەوە لێکۆڵینەوە لەوە دەکرێت کە ئایا تۆ گەشتت کردووە بۆ وڵاتێک لە وڵاتانی دبلن یان لە ڕێگەی ئەو وڵاتەوە بە شێوەیەکی یاسایی یان نایاسایی گەشتت کردووە.

**ئەگەر ئەندامانی خێزانەکەت لە وڵاتێکی دیکەی دبلن هەیە، گرنگە بە زووترین کات ئاگاداری بدەیت.** ئەگەر هاوسەرەکەت یان منداڵەکەت لە وڵاتێکی تری دبلن داوای مافی پەنابەریی کردبێت یان ئەگەر پاراستنی نێودەوڵەتیی پێدرابێت، دەکرێت هەمان وڵات بەرپرسیار بێت لە تاوتوێکردنی داواکەی تۆشدا.

هەروەها ئەگەری ئەوە هەیە کە بڕیار بدەین داواکەت لەم وڵاتەدا تاوتوێ بکرێت، تەنانەت ئەگەر تاوتوێکردنەکە بەپێی پێڕەوی دبلن بەرپرسیارێتی ئێمەش نەبێت. تۆ ڕەوانەی وڵاتێک ناکرێیت کە تیایدا بتوانرێت مافەکانی مرۆڤ پێشێل بکرێت.



## — ئەی ئەگەر نەمەوێت بگوێزمەوە بۆ وڵاتێکی تر؟

دەتوانیت ڕاییگەیەنیت کە بڕیاری گواستنەوەت بۆ وڵاتێکی تری دبلن قبوڵ ناکەیت، هەروەها دەتوانیت لە دادگادا تانە لە بڕیارەکە بدەیت. هەروەها دەتوانیت داوای ئەوە بکەیت کە لەم وڵاتەدا بمێنیتەوە تا ئەو کاتەی تانەدانەکە تاوتوێ دەکرێت یان بابەتەکە دووبارە تاوتوێ دەکرێتەوە.

ئەگەر واز لە داوای پەنابەرییەکەت بهێنیت و بڕۆیت بۆ وڵاتێکی دیکەی دبلن، بە ئەگەرێکی زۆرەوە یان دەگەڕێندرێیتەوە بۆ ئەم وڵاتە یان بۆ ئەو وڵاتەی کە بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت.

**لەبەر ئەوە ئەگەر داوای پەنابەری دەکەیت، گرینگە کە لێرە بمێنیتەوە و چاوەڕێ بکەیت هەتا بڕیار دەدرێت ١) کام وڵات بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت و/ یان ٢) داواکەت لێرە تاوتوێ دەکرێت.**

**دەتوانرێت دەستبەسەر بکرێیت (لە کەمپی داخراودا) ئەگەر کاربەدەستان بە ئەگەرێکی زۆرەوە بزانن کە تۆ هەڵدێیت یان خۆت لە کاربەدەستان دەشاریتەوە چونکە ناتەوێت بگوێزرێیتەوە بۆ وڵاتێکی تر. ئەگەر ئەمە ڕوویدات، تۆ مافی نوێنەری یاساییت هەیە و هەروەها زانیاری لەسەر مافەکانی دیکەت پێ دەدرێت، وەک مافی تانەدان لە بڕیاری دەستبەسەرکردن.**



©iStockphoto / janp013

## — بۆچی پەنجەمۆرم لێ وەردەگیرێت؟

هەموو داواکارانی پەنابەری کە تەمەنیان لە سەرووی ١٤ ساڵەوەیە پەنجەمۆریان لێ وەردەگیرێت و دەخرێنە بنکەی زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکانی یۆرۆداک Eurodac ەوە. **بەپێی یاسا ناتوانیت پەنجەمۆر لێ وەرگرتن ڕەت بکەیتەوە**

ئەگەر پەنجەمۆرەکان کوالیتییان خراپ بوو یان ئەگەر بە ئەنقەست زیانت بە پەنجەکانت گەیاندبێت، دەتوانرێت دواتر دووبارە پەنجەمۆرەکان وەربگیرێنەوە.

بە یارمەتیی بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک ئەوە ڕوون دەکرێتەوە کە ئایا پێشتر داوای پەنابەریت کردووە یان لە سەر سنوور پەنجەمۆرت لێ وەرگیراوە. ئەمە یارمەتیدەر دەبێت لە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە کام وڵاتی دبلن بەرپرسیارە لە تاوتوێکردنی داواکەت. هەروەها دەتوانرێت لە سیستەمی زانیارییەکانی ڤیزا (VIS)دا، کە تیایدا زانیاری لەسەر ئەو ڤیزانە کۆکراوەتەوە کە لە ناوچەی شنگن دراون پشکنینی پەنجەمۆرەکانت بکرێت. ئەگەر ڤیزەی کارا یان بەسەرچووت هەیە کە وڵاتێکی دیکەی دبلن داوێتی، دەتوانرێت بنێردرێیت بۆ ئەو وڵاتە کە داواکەت سەبارەت بە پاراستنی نێودەوڵەتی تاوتوێ دەکات.



لەبەر ئەوەی تۆ داوای پەنابەریت کردووە، زانیاریی پەنجەمۆرەکەت بۆ ماوەی ١٠ ساڵ لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا هەڵدەگیرێت. دوای دە ساڵ بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی لە بنکەی زانیارییەکان دەسڕدرێنەوە. ئەگەر پەنابەریت پێدرا، ئەوا زانیاریی پەنجەمۆرەکەت لە بنکەی زانیارییەکاندا دەمێنێتەوە هەتا ئەو کاتەی بە شێوەیەکی ئۆتۆماتیکی دەسڕدرێتەوە. ئەگەر ڕەگەزنامەی وڵاتێکی دبلنت پێ بدرێت، دەستبەجێ زانیارییەکانی پەنجەمۆرەکانت لە بنکەی زانیارییەکان دەسڕدرێنەوە. لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا تەنها زانیارییەکانی پەنجەمۆر و زانیاریی ڕەگەز هەڵدەگیرێن. ناو، وێنە، کاتی لەدایکبوون و ڕەگەزنامە دەتوانرێت لە بنکەی زانیاریی نیشتمانیدا هەڵبگیرێت، بەڵام لە بنکەی زانیارییەکانی یۆڕۆداک نا.

هەر کاتێک بتەوێت دەتوانیت پرسیار بکەیت کە چ زانیارییەک دەربارەی تۆ لە بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکدا هەڵگیراوە. ئەگەر پێت وایە کە هەڵە لە زانیارییەکاندا هەیە یان نابێت زانیارییەکانت لە بنکەی زانیارییەکاندا هەڵبگیرێن، دەتوانیت داوای ڕاستکردنەوەی هەڵەکان یان سڕینەوەی زانیارییەکان بکەیت. **زانیاری لە بارەی ئەو کاربەدەستانەی کە بەرپرسیارن لە تاوتوێکردن (یان پشکنین)ی زانیارییەکانت لەم وڵاتەدا، هەروەها کاربەدەستانی بەرپرسیار لە پاراستنی زانیارییەکان، لای خوارەوە دەست دەکەوێت.**

بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداک لەلایەن ئاژانسێکی یەکێتی ئەورووپاوە بە ناوی eu-LISA بەڕێوەدەبرێت. زانیارییەکانت دەتوانرێت تەنها بۆ ئەو مەبەستانە بەکاربهێنرێت کە لە یاسادا دیاری کراون. زانیارییەکانت تەنها بۆ سیستەمی ناوەندیی یۆرۆداک دەنێردرێن. ئەگەر دواتر لە وڵاتێکی تری دبلن داوای پەنابەری بکەیت، ئەوا زانیاریی پەنجەمۆرەکان بۆ ئەوێ دەنێردرێت بۆ پشکنین. ئەو زانیاریانەی کە لە یۆڕۆداکدا هەڵگیراون بۆ هیچ وڵاتێک یان ڕێکخراوێکی تر لە دەرەوەی وڵاتانی دبلن نانێردرێن.

لە ٢٠ی تەمموزی ٢٠١٥ەوە، دەتوانرێت زانیاریی پەنجەمۆرەکانت لەلایەن هەندێک دەسەڵاتی دیکەوە بپشکنرێت، بۆ نموونە. پۆلیس و ئاژانسی پۆلیسی ئەورووپا (یۆرۆپۆل)، کە دواتر مافی ئەوەیان دەبێت داوا بکەن بچنە ناو بنکەی زانیارییەکانی یۆرۆداکەوە بۆ ڕێگریکردن و ئاشکراکردن و لێکۆڵینەوە لە تاوانە گەورەکان و تیرۆریزم.

## — لەو ماوەیەدا کە ڕوونکردنەوە بۆ ئەوە دەکرێت کە لە کام وڵاتدا داواکەم تاوتوێ دەکرێت، من مافی چیم هەیە؟

تۆ مافی مانەوەت لەم وڵاتە هەیە ئەگەر داواکەت لێرە تاوتوێ بکرێت. ئەگەر پێویست بکات داواکەت لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت، دەتوانیت لێرە بمێنیتەوە تا دەگوێزرێیتەوە بۆ ئەو وڵاتەی تر. ئەگەر داواکەت لێرە تاوتوێ بکرێت، ئەوا تۆ مافی ئەوەت هەیە لە وڵاتەکەدا بمێنیتەوە لانیکەم تا ئەو کاتەی یەکەم بڕیار لەسەر داواکەت دەدرێت. هەروەها تۆ بۆ نموونە مافی شوێنی نیشتەجێبوون و خواردن (هەلومەرجەکانی وەرگرتنە ماددییەکان) و هەروەها چارەسەری تەندروستی سەرەتایی و چارەسەری پزیشکیی حاڵەتی بەپەلەت هەیە. دەتوانیت باسی بارودۆخی خۆت و ئەندامانی خێزانەکەتمان بۆ بکەیت کە لە وڵاتانی دبلن دەژین بە شێوەیەکی زارەکی و/ یان بە نووسین، چی بە زمانی دایکی خۆت یان بە زمانێکی تر کە باش دەیزانیت (ئەگەر پێویست بوو، دەتوانیت پشت بە یارمەتیی وەرگێڕ ببەستیت). بڕیاری گواستنەوە بۆ وڵاتێکی تری ئەندام بە نووسراو پێت دەدرێت. هەروەها مافی وەرگرتنی زانیاریی زیاترت هەیە یان لە ئێمە و/ یان لە ڕێگەی پەیوەندیکردنەوە بە ئۆفیسی کۆمیسارییای باڵای پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (UNHCR) لەم وڵاتەدا.




**ئەگەر دەرکەوت کە دەبێت داواکەت لە وڵاتێکی تردا تاوتوێ بکرێت، ئەوا لە کاتی پێویستدا سەبارەت بە ڕێکارە پێویستەکان و ئەوەی کە چۆن کاریگەریی لەسەر مافەکانت دەبێت زانیاریت پێ دەدرێت.**



## زانیارییەکانی پەیوەندیکردن

**ناونیشان و زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتی پەنابەری**
Maahanmuuttovirasto (فەرمانگەی کۆچ)
PL 10, 00086 Maahanmuuttovirasto
ژمارە تەلەفۆنی خزمەت بۆ داواکارانی پەنابەری: +٣٥٨٢٩٥٧٩٠٦٠٠
(لەبەر هۆیە ئەمنییەکان، فەرمانگەی کۆچ ناتوانێت لە ڕێگەی تەلەفۆنەوە زانیاری لەسەر داوای پەنابەری یان بڕیارەکان بدات.)
migri@migri.fi   www.migri.fi

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی دەسەڵاتی پاراستنی زانیاریی نیشتیمانی**
Tietosuojavaltuutetun toimisto
(نووسینگەی کۆمیساری پاراستنی زانیارییەکان)
ناونیشانی سەردانی:
Lintulahdenkuja 4, 00530 Helsinki
ناونیشانی پۆست:
PL 800, 00531 Helsinki
تەلەفۆنی ناوەندی: +٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٠٠
پرسگەی تەلەفۆنی گشتی بۆ تاکە کەسەکان: +٣٥٨ ٢٩ ٥٦٦ ٦٧٧٧
سێشەم – پێنجشەم کاتژمێر ٩:٠٠ – ١١:٠٠
tietosuoja@om.fi
www.tietosuoja.fi

**ڕاگری تۆماری یۆرۆداک و نوێنەرەکەی**
زانیارییەکانی پەیوەندیکردن:
بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس (Poliisihallitus) و فەرمانگەی کۆچ (Maahanmuuttovirasto)

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی نووسینگەی ڕاگری تۆمار**
Poliisihallitus (بەڕێوەبەرایەتیی پۆلیس)
PL 1000 (Vuorimiehentie 3),
02151 Espoo
+٣٥٨٢٩٥٤٨٠١٨١
kirjaamo.poliisihallitus@poliisi.fi

Maahanmuuttovirasto (فەرمانگەی کۆچ)
PL 10, 00086 Maahanmuuttovirasto
ت:  +٣٥٨٢٩٥٤٣٠٤٣١ (ناوەند)
migri@migri.fi   www.migri.fi

ئەگەر دەتەوێ ئاشنای ئەو زانیارییانە بیت کە لە سیستەمی یۆرۆداکدا لەسەرت تۆمار کراون، بەشێوەیەکی شەخسی لای پۆلیس داوا بکە. ئامادەبە بۆ سەلماندنی ناسنامەی خۆت. بە باشتری دەزانین کە پەیوەندی بەو بنکەی پۆلیسەوە بکەیت کە داوای پەنابەرییەکەی لێت وەرگرتووە. زانیارییەکانی پەیوەندیکردن بە بنکەکانی پۆلیسەوە لە ماڵپەڕی پۆلیس poliisi.fi دەدۆزرێتەوە.

**فەرمانگەکانی یارمەتیی یاسایی و ڕێکخراوەکانی پشتیوانیی پەنابەران**

یارمەتی یاسایی لەلایەن نووسینگەکانی یارمەتی یاسایی و نووسینگەکانی تری نوێنەرایەتیی یاسایی و پارێزەرانەوە دابین دەکرێت کە ناوەندی پێشوازییان لەوە ئاگادار کردووەتەوە کە خزمەتی یارمەتی یاسایی پێشکەش بە داواکارانی پەنابەری دەکەن. زانیاریی زیاتر سەبارەت بە یارمەتیدەرانی یاسایی ناوچەکە لە کارمەندانی ناوەندی پێشوازی وەردەگریت.

**زانیارییەکانی پەیوەندیکردنی ڕێکخراوی نێودەوڵەتیی کۆچەوە (IOM)**

IOM FINLAND
Unioninkatu 13, نهۆمی ٦
00130 Helsinki
ناونیشانی پۆست:
PL 851, 00101 Helsinki
+٣٥٨٩٦٨٤١١٥٠
iomhelsinki@iom.int
www.finland.iom.int

ئەگەر دەتەوێت ئارەزوومەندانە بگەڕێیتەوە بۆ وڵاتی خۆت، پرسیاری ئامۆژگاری لە ناوەندی پێشوازی بکە.



**نزیکترین ئۆفیسی هەرێمیی کۆمیساریای باڵای کاروباری پەنابەرانی نەتەوە یەکگرتووەکان**

UNHCR
Sveavägen 166, 15th fl.,
11346 Stockholm, Sverige
+٤٦ ١٠ ١٠ ١٢ ٨٠٠
swest@unhcr.org

29.02.2024 - sorani

EUROPEAN UNION AGENCY FOR ASYLUM

European Commission

Rajavartiolaitos
Gränsbevakningsväsendet
The Finnish Border Guard

POLIISI
POLISEN I FINLAND
Police of Finland

Maahanmuuttovirasto
Migrationsverket
Finnish Immigration Service